# نوێژه بارانه بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان...؟!

**ڕێژین ابراهیم**
Rezhen_4ever@yahoo.com

ڕەنگە خوێنەر بەلایەوە سەیر بێت کە ئە مانشێتە ئەبینێت ،**بەلاّم سەرۆك وەزیرانی ئیدارەی سلیّمانی لەکۆبوونەوەیەك لەگەلّ یەکێك لە وەزارەتەکان و لەمیانەی باسی وەزعی شڕی کارەبا وتی: ((چی بکەم؟ بەختی من باران نابارێ))**. کەچی کەس نازانێ ئاو وکارەبا نییە یان حکومەت، بەلاّم هەر یەکە لەئێمە لەو واقیعەنالەبارەدا دەژی، بەلای هەندێکەوە گرنگە وهەستی ی پێ دەکات ناتوانێ فەرامۆشی بکات ،لەبیرمانە چۆن سالآنی ڕابردوو کەم بارانی و وشکەسالی بوو ئەگەر بیان وتایە کارەبا مان نیە شتێکی ئاسای بوو حەقیان بووچونکە ئاو کەم بوو،بەلاّم ئێستا بێ ئاو کارەبا بالی کێشاوەو ڕۆژانە کۆمەلّك خەلّك دەنالێنێت بەدەست نەبونیەوە،لەگەلّ ئەوەشدا کەس هەست بەمەسولیاتی ناکات،لێرەدا جێگەی داخە ئەگەر شتێکی هیچ بوایە گەورەیان دەکردو خێرا جادەکانیان دەکردە مەیدانی شەڕە پەرۆو هەریەکە ڕنگی پەڕۆکەی خۆیو ناوبەناویش شەڕی ناوخۆی تیا دا دەکەن ،ئێمە تاساحیبی ئەم ئەقلە بین هەردەبێت ئاوا بنالێنین بەدەست ئەم جۆرە کێشانەوە، بەلاّم بۆ ئەم کێشەی وەك کێشەی کەم ئاوی و نەبونی کارەبا کەس خۆی تێ ناگەیەنێ کێشەیەکی ئاوا سەرەکی کە پەیوەندی بە ژیانی هەر یەکە لە ئێمەوەیەو ناتوانین نکۆلی لێ بکەین ،سالآنی ڕابردوو بەهەر حالّ وتمان بێ بارانی‌یە ،بەلاّم ئەوە ئەمسالّ هەموو لایەك ئاگادارە کە بارانێکی زۆر باری ،بەلاّم وابزانم لەوشوێنانە نەباریوە کە ئاوەڕۆو کارەبای تیا بەرهەم دەهێنرێت ،مەسەلەیەك هەیە ئەلێت لەهەموو هەورێك باران نابارێت ،بەلاّم وابزانم ئەم پەندەش دائیرەی ئاوکارەبا دەگرێتەوە ،نازانم کاکی بەرێوەبەر بەچی رویەکەوە دێتە سەر شاشەی تەلەفیزێونەکان بە چاکەتو پانتۆلێکەوە و بۆین باخێکی بەستووە ئەلێی ئەو وەختی خۆی کارەبای دروست کردووە ،دەلێت ئەگەر هاولاّتیانئەتوانن مۆلیدە ئیش پێ بکەن لەمالّەکاندا بەمەرجێ ڕزامەندی دائیرەی کارەبای لەسەربێت،ئەم قسەیەش بێ دەستەلاّتی هاولاّتیان دەر دەخات لە هەلّبژاردنی کەسایەتیەکان ،لێرەدا فاکتەرێکی گرنگ ئەوەیە کە هاولاّتیان لەم جۆرە کێشەیەدا بونیان نیە ،ناتوانن کارێکی وابکەن لەو ڕێگەیەوە نەهێلّن ئەم جۆرە کارانە دووبارە بکەنەوە،حکومەت بەئارەزوی خۆی یاری بەچارەنوسی خەلّك بکات،من تێ ناگەم بۆکاتی هەلّبژاردندا هەرێکەو لە کەنالی خۆیەوە دەست دەکات بە پروپاگەندە کۆمەلێك پەیمان دەدات بەخەلّك لەبەر ئەوەی دەنگی بۆ بدەن؟،ئەی کوا بیستو چوار سەعات کارەبا ؟!،نمەکی ئەوە بتان گرێت خۆهێشتا ئعلاناتتو ئەو پروپاگەندانەی کەبەدیوارەکانی شاردا هەلّتان واسیوە لێ نەبۆتەوە هەر مەنزەرەی شارتان ناشرین کرد ،تۆزێك بەزەیتان بە کەسو کاری شەهیدو ئەنفالەکاندا بێتەوە ،ئەوان لە پێناوی ئەم ڕۆژەدا خۆیان بەخشی بەگەل و نیشتیمان،کەچی ئێستا پۆستەکانی دەستەلاّت بۆ کۆمەلێکە مجرد یاری بەخەلّك دەکەن ،من نازانم ئاووکارەبا نییە یان خەلّك ؟،چونکە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنمەوە بۆ خودی خەلّك خۆیان،بەداخەوەدەنگ دەدەن بەو کەسەی کەشایستەی ئەو پۆستە نییە،حکومەت کەم تەرخەمی زۆری کردوە بەتایبەتی لەم هاوینەدا کارەبا بۆتە کێشەیەکی سەرەکی خەلّك،بەداخەوە ئەگەر وابڕوات ئەبێت وەکو سالآنی تر هەریەکەو مۆلیدەیەك بکرێت و لەمالّەوە ئیشی پێبکات ،بیستومە وولاّت وردە وردە بەرەو پێشەوە دە ڕوات ،بەلاّم لەوە ئەچێت لای ئێمە بە پێچەوانەوەبێت،کاربەدەستا نمان لەسەرێکەوە دەلێن ئێمە تازە گەری لە مشاریعەکاندا دەکەین ،وەکو کارەبا نادەن حەملەیەکیان داناوە بۆ کۆکردنەوەی مۆلیدەکانی ناو بازار وەکو کارەباکەش نادەن بۆ مۆلیدەکان دەگرن ،خۆئەگەر لەسەر تەلەفیزۆن قسەدەکەن یان دەدوێنین "دەلێن ئێمە هەمیشە هەولّمان داوە کارەکا نمان بەرەو پێش بڕواتو خۆش بەختانە کارەبا دەدەین بە هەولێرو کەرکوك بەم نزیکانەش بەنیازین کارەبا بدەین بە بەغداد"،یەکێك ئاگادار نەبێت دەلێت لەوانەیە کارەبای باشیان هەبێت ،بەلاّم نازانم خۆمان حالّمان زۆر جوانە تاکو یارمەتی‌شوێنان بدەین،ئێمە ئێستاش وولاّتە دراوسێکا نمان نەبێت ناتوانین بژین ،هەر دەبێت چاوەڕی دەستی دراوسێکا نمان بکەین،بەسیت ترین شت تائێستا کارگەیەکمان نییە بۆ بەر هەم هێنانی چلورە وئاسیکرێم هەر لەئێرانەوە دەیهێنن.....هتد،چی کێشەیەك تائێستا چارەسەر کراوە دلّمان پێی خۆش بێت ،تائێستا حکومەت بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ڕێگە چارە یەك بدۆزێتەوە ،بۆ جارێکی تر ئەو پە نجەیەی خۆم ئەبرمەوە و نایکەم بەو مرکەبەدا بۆ ئەوەی دەنگتان بۆبدەم ،من دننگ بۆ ئەو کەسە دەدەم کە بەرەو ئەقارێکی نوێمان بەرێت ئاو کارەبامان بۆ دابین بکات ،قەرار بوو کارەبا بەشێوەیەکی گشتی کارەبا بیست سەعات لەڕۆژێکدا بەردەوام بێت ،بەلاّم لەگەلّ دەست بەکاربونی حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستاندائەو قەرارە دابەشی دوو کرا ،لەگەلّ ئەوەشدا بەنیوەکەش ڕازین بەلاّم کارەباکە ئەلێیت لەسەر ترافیك بەستراوە جانازانم هەر لای ئێمە وایە یان لای کاربەدەستانیش،ئەو کاتەی کەوتیان ئەم پرۆژەیە لەماوەی چەند ڕۆژدا جێبەجێ دەکرێت بزانە هەر ناکرێت